# فەزڵی جیهاد کردن لە قورئانی پیرۆزدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]


ئامادەکردنی : سەرباز کەرکوکی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( فضل الجهاد في القرآن الكريم )

« باللغة الكوردية »

إعداد : سرباز كركوكي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# فەزڵی جیهاد کردن لە قورئانی پیرۆزدا

خوای گەورە دەفەرموێت: **{ وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ }** (التوبة: من الآية٣٦).

واتە: دژی موشریکانی (شەڕەنگێز) هەمووتان بجەنگن بەگشتی هەروەکو ئەوان دژی ئێوەدەجەنگن بەگشتی، ئینجا بشزانن کەخوا یارو یاوەری ئەو کەسانەیەکەلێی دەترسن و پارێزکارن.

وەخوای گەورە دەفەرموێت: **{ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئاً وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ }** (البقرة:٢١٦).

واتە: جەنگ لەسەرتان بڕیار دراوە کەشتێکی گرانەلاتان (ئیماندار بەجەستەلای گرانەبەڵام ڕۆحی پێی ئاسوودەیەبۆ بەرگری لەئیسلام و لابردنی کۆسپەکان) بەڵام لەوانەیەشتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت، هەروەها لەوانەیەشتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لەوەدا بێت، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت (خێر لەچیدایە)، ئێوەنایزانن. (جەنگ لەئیسلامدا بۆ بەرهەڵستی کردنی دوژمنانی داگیرکەرو دوژمنانی دینەو بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەیە کەنایەڵن خەڵک ئازادانە بژین و ئازادانەئەو ڕێبازەهەڵبژێرن کەخۆیان قەناعەتیان پێیەتی، هەرگیز بۆ ئەوە نیەکەبەزۆر خەڵک موسوڵمان ببێت و مێژووی ئیسلام شایەتی حاڵەو ئەگەر کارێکی وا ڕووی دابێت ئەوەئاینی ئیسلام لێی بەرییە).

وەخوای گەورە دەفەرموێت:**{ انْفِرُوا خِفَافاً وَثِقَالاً وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ }** (التوبة:٤١) .

واتە: (ئەی ئیمانداران هەر کاتێک داواکران بۆ غەزا لەلایەن سەرکردایەتیەکی متمانەپێکراووەوە): ئێوەبەچەکی سووک و سەنگین و بەسوارەو پیادەتانەوەڕاپەڕن و ئامادەبن و جیهاد و تێکۆشان بکەن بەماڵ و سامان و گیانتان لەپێناوی خوادا، ئەوەچاکترە بۆتان ئەگەر ئێوەبزانن و تێبگەن.

وەخوای گەورە دەفەرموێت:{ **إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْداً عَلَيْهِ حَقّاً فِي التَّوْرَاةِ وَالْأِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ** } (التوبة:١١١).

واتە: بەڕاستی خوا، گیان و ماڵی لەئیمانداران کڕیوە بەوەی کەبەهەشت بۆ ئەوانەو بەشیانە(بەڕاستی پەروەردگارێکی بەخشندەیە، هەر خۆی بەخشێنەری گیان و ماڵ و سامانە، کەچی ئاوا مامەڵەدەکات لەگەڵ ئیمانداراننداو نرخێکی نەبڕاوە، نرخێکی زۆر گەورەی بۆ بڕیارداوە، کاتێک لەپێناوی ئەودا دەیبەخشن) ئەوانەدەجەنگن لەپێناوی ئاینی خوادا، دوژمنانی ئاینی خوا دەکوژن (لەگۆڕەپانی جەنگدا)، یان دەکوژرێن و (شەهید دەکرێن)، ئەو پاداشت و بەڵێنەبەڕاستی لەسەر خوایەو باس کراوە لەتەورات و ئینجیل و قورئاندا، جا کێ هەیەبەقەدەر خوا بەوەفاو بەئەمەک بێت بۆ جێ بەجێکردنی بەڵێنەکانی، کەواتەزۆر دڵخۆش و کامەران بن بەو مامەڵەیەی کەئەنجامتانداوەو بەو فرۆشتن و کڕینەی کەلەسەری ڕێککەوتوون، بێگومان هەر ئەوەشەسەرفرازی و سەرکەوتنی نەبڕاوەو بێ سنوور.

وەخوای گەورە دەفەرموێت: { **لا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلّاً وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْراً عَظِيماً** } (النساء:٩٥).

واتە: ئەوانەی دانیشتوون لەئیمانداران و (جەنگ ناکەن) ـ مەگەر ئەوانەی کەناتەواون ـ (کوێر، شەل، نەخۆش،... هتد) لەگەڵ ئەوانەدا کەجیهادو کۆشش دەکەن لەپێناوی خوادا بەماڵ و سامان و خۆیان چوونیەک نین، بێگومان خوا فەزڵ و ڕێزو پلەیەکی تایبەتی بڕیارداوەبۆ تێکۆشەران بەماڵیان و خۆیان، بەسەر ئەوانەدا کەدانیشتوون و (فیداکاری ناکەن و گیان بەخت ناکەن)، خوای گەورەبەهەر دەستەیەکیان بەڵێنی چاک و بەنرخی داوە، (بێگومان) خوا فەزڵ و ڕێزو پاداشتی گەورەو بێ سنووری ئەو تێکۆشەر و موجاهیدانەی داوەبەسەر ئەو دانیشتوانەدا...

وەخوای گەورە دەفەرموێت: { **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنْجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ** } (الصف:١٠)

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، دەستنیشانی بازرگانیەکتان بۆ بکەم، کەلەسزایەکی بەئێش ڕزگارتان بکات؟!

وەدەفەرموێت :**{ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ }** (الصف:١١).

واتە: سەرەتا باوەڕهێنانتانەبەخواو پێغەمبەرەکەی، ئینجا هەوڵ و تێکۆشانتانەلەڕێگەی خوادا بەبەخشینی ماڵ و سامانتان، وەبەخشینی خۆتان (واتە: ماندووکردنی جەستەو بیروهۆشتان، تا بەخت کردنیان لەپێناوی خوادا) بێگومان ئەو کارەتان چاکتر و بەفڕترەبۆتان ئەگەر بزانن و تێبگەن.

وەدەفەرموێت : **{ يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ)** (الصف:١٢).

واتە: ئەوسا خوا لەگوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت و دەتانخاتەباخەکانی بەهەشتەوەلەچەندەها ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا تێ دەپەڕێت و جاریە، هەروەها کۆشک و تەلاری خۆش و ڕازاوەو پاك و خاوێن لەباخەکانی بەهەشتی عەدندا، بەڕاستی ئا ئەوەیەسەرکەوتن و سەرفرازی و دەستکەوتی گەورەو بێسنوور.

وەدەفەرموێت: **{ وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ}** (الصف:١٣).

واتە: جا شتێکی تریش هەیەکەحەزی لێ دەکەن، ئەویش بەخشینی سەرکەوتنەلەلایەن خواوەو کردنەوەی وڵاتان و دڵەکانە، ئەو مژدەیەش بدەبەئیمانداران (لەهەموو سەردەمێک، گەر ئیمانداران لێ ببڕێن بۆ ئاینی خوای مەزن).